

# ئێمە هەمووومان لە یەك شت ئەترسین

ئومێد رەحمانی

(ئێمە هەمووومان لە یەك شت ئەترسین) من وتم. ئەویش وتی: (راست ئەكەی، منیش وا ئەڵێم) ئەوی تریش، كە دەستی خستبووە پشت خۆیەوەو دوو سەعاتێك ئەبوو بێدەنگ، هەروا وێستابوو و لە پەنجەرەكەوە ئەیڕوانییە دەرەوە، وتی: (ئەبێ بیر لە چارەسەرێك وەكەین..) وتی: (بەتایبەت پێرەكە). خەریكبووم میوەم هەڵئەبژارد ئاگام لێنەببوو، دانەیەك لە سێوەكان لە سندوقەكە كەوتبووە سەر پیادەڕەو، بەڵام ئاگام لێبوو، كابرای میوەفرۆش لەناو دەرگای دوكانەكەیا وێستابوو. هەستم كرد بە جۆرێكی زۆر سەیر خەریكە تێم ئەڕوانێ، وەك چۆن بڵێی كەسێك لەژێر چاو و بەدەم

زەردەخەنەوە سەیرت ئەکات، شتێکی ئاوا. نەمئەوێرا سەر حەوا بەم. هەروا کە داموکابوومەوە، میوەکانم یەکە یەکە ئەخستە ناو دڵقەکە، لەژێر باڵەوە بە دزییەوە سەیری دواوەی خۆم کرد.

سێوەکە بە ئەسپایی چووە بەرپێی ژنێك، تا گەیشتم وەیگرم، ژنەکە هەڵیگرتەوە و زەردەخەنەیەکی کرد.. وتی: (ئەڵێی چی تازە، قسمەتی من بوو). قسەم بۆ نەئەهات، پێموابیٚ، پێموابیٚ زەردەخەنەیەکیشم کرد. وەرگەڕامەوە. سەیرێکی ناو دەرگای دوکانەکەم کرد، کابرا لەویٚ نەمابوو.

ئیتر نازانم سێوەکەم کێشا؟ نەمکێشا؟ پووڵم پێی دا، پێم نەدا؟ هیچی ئەمانەم لەبیر نەماوە. بەڕاستی ئەبیٚ بیر لە چارەسەرێك بکەینەوە). منیش تا هاتم بڵێم: (جا ئەوە بۆ ئەڵێی، خۆ..) ئەو قسەکەی پیٚ بڕیم. ئەوی تر لەبەر پەنجەرەکەیا کە پشتی لێمان بوو، ئاوڕی دایەوە وەك بڵێی شتێکی زۆر سەیرو چاوەڕوان نەکراو روویدابیٚو ئەم دوانەمان نەمانزانیبیٚ. بە چاوی دەرتۆقاوییەوە چەند ساتێك لێمان وردبۆوە. هەموومان بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بووین. دیسان تا هاتم بڵێم: (جا ئەوە بۆ ئەڵێی؟ خۆ من..) ئەو وتی: (دوێکە تا گەیشتوومەتە ماڵەوە پەنجا جار ئاوڕم لە دوا خۆم داوە، تا دڵنیابم. ئاوا بیٚ ئاسایشمان نییە، ئەسڵەن بەمشێوە من هەر بەتەمای خۆم نیم. کیٚ چوزانیٚ؟ ئەویش لەناو ئەو هەموو خەڵکەیا، هەموویشی چ لەبەردەم دوکانەکەیاندا وێستابن، یان لە پاڵتەوە تێپەڕن، پەردەی ماڵەکانیان لادابیٚ یان نا، چوزانم ئیتر، هەر یەکەی بەشێوەیەك حەتمەن یەکجار سەیرت ئەکەن. بەم وەزعەوە کیٚ ئەتوانیٚ بە دڵنیاییەوە چارەکێك لە خیابانا بیٚ؟. کاکە هەر ئەو قسەی تۆیە، ئەبیٚ بیر لە چارەسەرێك بکەینەوە). ئەمەیانی رووی لە دەمی ئەویتربوو، کە خەێتا نیشانەکانی سەرسوڕمانم لە گریٚ نەکراوەکانی ناوچاوانیدا ئەدی. ئەو کە لەسەر تەختەکە راکشابوو، هەستاو قاچی لە تەختەکە بەردایەوەو هەموو هێزی خۆی خستە سەر دوو دەستی، وەك ئەوەی بیهەویٚ هەستیٚ، هەروا کە ماتە مات لە فەرشەکەی ئەڕوانی، وتی: (لێرەش جۆرەیەکم، هەست بە ئاسایش ناکەم، چی بکەین بۆ خاتری خوا؟ چی بکەین؟) ئەم رستەی ئاخری کە وت وەها سەیر منی ئەکرد ئەتوت بەتایبەت لەویٚ دایناناوم تا وەڵامی ئەو پرسیارە بەمەوە. ئەویتر رووی کردە منو وتی: (تۆ ئەوەی خۆتی بۆ وەگێڕە)و ئەمجار رووی کردەوە پەنجەرەکەو دیسان لە دەرەوەی روانی. وتم: (جاخۆ بەجێی من بویتایە ئێستا دەمێکبوو رۆحت سپاردبوو. تازە من نوێژی نیوە ڕۆیش بوو. خیابانەکەی ماڵی خاڵت ئەزانی خۆ؟) وتی: (ئەریٚ، ئەریٚ، دەی؟) وتم: (کوچەیەکی لێیە ئەچێتە سەر خیابانی سەبتو ئەحواڵ؟) وتی: (ئائا چاك ئەزانم). وتم: (دەی هیچ، دیم درەنگە، بیرم کردەوە لەو کوچەوە بچەوە سەر خیابان خێراتر ئەگەمەوە ماڵ. کەچی گەیشتمە ناوەڕاستی کوچەکەو ئاگام لێبوو-ئێستا جوان لە زەینمایە، دەنگی خشەخشی جووتیٚ سەرپێیی بوو- لە دوامەوە ئەهات. هەرچیم کرد نەمتوانی لاوەکەم، لەولاوەترەوە تۆزێکی مابوو بۆ ئاخری کوچەکە، کچو کوڕێك بەسرتەو پێکەنینەوە قسەیان ئەکرد. کوڕەکە پاڵی دابوو بە دیواری ماڵێکەوە، کچەکە هەروا کایەی بە دوگمەی کراسی کوڕەکە ئەکردو پێئەکەنیو قسەی بۆ ئەکردو جاروبار لای ئەکردەوە، بەڵام نە بۆ من بۆ ئەوەی کە دەنگی سەرپێییەکانی لە دوامەوە ئەهات، کوڕەکەیش کە بەدەم زەردەخەنەوە وای ئەنواند گوێی بۆ قسەکانی کچەکە گرتووەو سەری بۆ ئەلقاند، بە لاچاو سەیری ئەوی ئەکرد، کە لە دوای منەوە

بوو. هەوڵم دا حاڵەتێکی ئاساییم بێ‌و ڕەتبم. دڵنیابووم کە ئەوەی بەدوامەوەیە. ئەگەر نا، هەر کەسێکی ئاسایی تر بوایە نە کچە نە کوڕە لایان بۆ هیچمان نە ئەکردەوە).

ئەوی تر کە دەستی خستبووە پشت خۆیەوەو لە پەنجەرەکەوە لە دەرەوەی ئەڕوانی‌و بە حاڵەتێکی نیگەران‌و جیدییەوە وتی: (نابێ کارمان بە کەسی تر بێت، ئێمە ئەبێ چارەسەرێك بۆ خۆمان وەدۆزین. خەڵکیش وەك ئێمە ئازابن‌و خۆیان رزگار کەن). من بە پێکەنینێکی قرتانەوە وتم: (دێ نەگەیوە دووکەڵ بکا). کە ئێستا ئیتر ئەژنۆکانی خستبووە باوەشی‌و قۆلی لە دەوریان ئاڵاندبوو، دیاربوو پاشماوەی ترسێکی زۆر لە قسەکانی من هەر لە روخساریا ماوە. چەناگەی خستە سەر ئەژنۆی‌و بە دەنگێکی نووساو وتی: (ناچینە دەر، دەرگاکان لەسەر خۆمان دائەخەین). من بە قەفاوە راکشام، دەستم خستە ژێر سەری خۆم‌و وتم:

(هەی ترحێو، دەی فەرموو تەلەفزیۆن‌و رادیۆی مەگرەو رۆژنامە مەخوێنەوە، تۆ پێتوایە لە کوێی؟ فیلم، هەواڵ، راپۆرت، قسەیەکی موجرییەکی ترنی بەرنامەکان‌و سەردێری رۆژنامەکانیش هەر ئەو شتەیە. نەخێر راست ئەکەیت‌و درۆ ناکەیت؟ هەستە ئەو تابلۆی مۆنالیزا شیرینەت لە دیوارەکە داگرەو لەو پەنجەرەوە فڕیی بەرە خوار، کاممان دێیمن ئالبۆمەکانمان ئەسوتێنین؟ کامما لە رۆژا جارێك، تەنیا یەك جار ناچینە بەر ئاوێنە؟ ئەم شتە دەرو ژووری بۆ نییە، هەموو کوێ، هەموو شوێنێکی تەنیوەتەوە. وەنەبێ ژوورەوە لە دەرەوە زۆر باشتر بێت).

لەسەر تەختەکەم هەستام، چووم پاکەتە سیگارەکە لە کومێدەکەم دەربێنم. ئەویتر کە دەستی خستبووە پشت خۆیەوەو لە پەنجەرەکەوە لە دەرەوەی ئەڕوانی، پێکەنی‌و بە سەرسووڕماوییەوە وتی: (ئەی خوا کە جوانە!) وتم: (چی جوانە؟) ئەویش وتی. وەڵامی نەدایەوە. من‌و ئەویش چووینە بەر پەنجەرەکە. پەنجەرەی ژوورەکەی ئێمە بەرزە لە حاست چەناگەمانە. بێجگە لە ئاسمان هیچی تری لێوە دیار نییە. من پاڵم دا بە دیوارەکەوە. لە شۆقی چرای ساڵۆنەکەم ئەڕوانی، کە لە چاوە شیشەیی دەرگای ژوورەکەوە ئەهاتە ژوور. سیگارەکەم داگیرساند. مژێکم لێداو وتم: (ئێمە هەموومان لە یەك شت ئەترسن).